سەرۆکی هەنگاریا دەستی لەکارکێشایەوە

کاتالین نۆڤاک، سەرۆکی هەنگاریا دەستی لەکارکێشایەوە دوای ئەوەی ئاشکرابوو کە لێخۆشبوونی بۆ پیاوێک دەرکرد کە تاوانباربوو بە پەردەپۆشکردنی کەیسێکی دەستدرێژیی سێکسی لە باخچەیەکی منداڵان.

کاتالین لە گوتارێکی تەلەڤزیۆنیدا روونکردنەوەی لەسەر دەستلەکارکێشانەوەکەیدا و گوتی "هەڵەم کرد، ئەمڕۆ دواین رۆژمە وەکو سەرۆک گوتار پێشکەش دەکەم."

درێژەی روونکردنەوەکەیدا کاتالین دەڵێت "نیسانی رابردوو بڕیاری لێخۆشبوونم دەرکرد، باوەڕم وابوو کە تاوانبار هەستیاری دۆخی منداڵانی خراپ بەکارنەهێناوە کە خۆی سەرپەرشتیاریان بووە."

دەشڵێت: "لە لێخۆشبوونەکە هەڵەم کردووە و بۆ پاساویش هۆکاری زیادکردنی گومانەکان بوو لە لێبوردنی کردارەکە کە دەچێتە قاڵبی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان."